سوێندخواردن دەبێتە هۆی فرۆشتنی شتومەک، بەڵام هۆکاری تیاچوونی سەرمایە وداهاتە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «سوێندخواردن دەبێتە هۆی فرۆشتنی شتومەک، بەڵام هۆکاری تیاچوونی سەرمایە وداهاتە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاگاداری داوە سەبارەت بە زۆر سوێند خواردن؛ ئەگەرچیش لە سوێندەکەیەدا ڕاستگۆ بێت سەبارەت بە کڕین وفرۆشتن ومامەڵەی بازرگانی، وپێمانی ڕاگەیاندووە کە زۆر سوێند خواردن هۆکارە بۆ ساخکردنەوەی شتومەك وکاڵای بازرگانی، بەڵام دەبێتە هۆی کەمبوونەوە ونەمانی بەرەکەت لە بەرهەم وداهاتدا، و بەهۆی ئەم زۆر سوێند خواردنەوە لەوەیە خوای گەورە شتانێک زاڵ بکات بەسەر شتومەك وسامانەکەیدا کە ببێتە هۆی دزین یان سووتان یان نقووم بوون یان تاڵان کردنی یان بە هەر هۆکاری تر لەناو بچێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5936